






## ماکیاژێکی خێرا

لە بواری جوانکاریەوە ڕۆژانە چەندن شـــتی جوان و ناسك دەردەکەوێت، ئـــەوەی خانمان مانـــدوو دەکات کاتی ماکیاژ کردنـــە، یان کاتێکی زۆری دەوێـــت تاوەکو ماکیاژێك ئەنجام دەدەن، بۆیە لە بواری جوانکارییەوە شـــتێکی تازە دەرکەوتووە بۆ ئەوەی یارمەتی خانمان بدات تاوەکو بە شـــێوەیەکی خێرا و بە جوانترین ڕێگە ماکیاژێکـــی جوان ئەنجام بدەن.. لێرەدا باسی ئەو جۆرە ماکیاژە تازەیە دەکەین، کەوا بە شێوەیەك وەك لەزگە وایە و بەکاردەهێنرێت، تا ئێســـتا تایبەت بۆ ماکیاژی پشـــت چاوەوە درووست کراوە و لەوانەیە لە داهاتوو ببێتە جۆرە کەرستەیەك بۆ ماکیاژی گشت شوێنێك.

## چۆن پێستی دەم وچاو ناسك وجوان دەکەیت



خانمان وئافرەتان لە ماوەیەکی تەمەندا تووشـــی چەندین گرفـــت دەبنەوە لەبواری جوانی پێســـت، بەتایبەت لەدوای نەخۆشی مانگانەوە.


هەروەها چەندین نەخۆشی پێســـت هەیە کە لەناکاوێکدا دەردەکەوێـــت، یەکێك لەم گرفتانە (پەڵـــەی ڕەش و زیپکە و ســـووربوونەوە)یە، ئەمانەش گەورەترین کێشـــە درووست دەکات بۆ شـــێواندنی جوانی پێست. بەتایبەت پێستی دەم و چاو کە بە ناســـکترین پێستی جەستە دادەنرێت.





چەندیـــن چارەســـەر دۆزراوەتەوە بۆ ئەم جۆرە نەخۆشیانە بەڵام لێرەدا ڕێگەیەکی ســـادەتان بۆ ڕوون دەکەینەوە تیایدا چارەســـەر زیپکە دەکات لەگـــەڵ ئەوەی پارێزی لە پێســـت دەکات کە تووشـــی نەخۆشـــی نەبێت. لێرەدا باســـی هەنگوین دەکەین کە تاکە چارەسەرە بۆ ئەم گرفتە:

- نزیکەی (٥٠) گرام هەنگوین، یان ماددەی (برۆبولیس) کـــە لـــە هەنگوینەوە درووســـت دەکرێت و بـــۆ جوانکاری بەکاردەهێنرێت.
- هەندێك ڕۆنی زەیتوون، یان ڕوونی زەیتی ســـادە بهێنە، بە برێکی کەم.
- هەنگوێـــن و ڕۆنەکە تێکەڵی یەکتر بکە و بە شـــتێك تێکیان وەربدە بۆ ئەوەی بەتەواوی تێکەڵ ببێت.
- پاشان پارچە پەمۆیەك بهێنە و لەناو تێکەڵەکەی بنێ و بە نەرمی لەسەر ئەو شوێنەی بدە کە زیپکە یان سووربۆتەوە یان پەڵەی لێ پەیدا بووە..
- دوای ئەم هەنگاوە بۆ (١٠) خوولەك بوەســـتە، ئینجا پەنجەت بە تێکەڵەکە بکە و کاری شـــێلان بۆ پێستی دەم و چاوت ئەنجام بدە و بزانە چ ســـودێکی گەورەی دەبێت بۆ ئەوەی پێستی ڕووخسارت پاك و ناسك بکات.
- ئـــەم هەنـــگاوە لە هەفتەیەکـــدا (٣) جار دووبارە بکەرەوە.





## ـــــرا و ئاسان بۆ پشت چاو

وەك لـــە وێنەكاندا دەبینن كە چـــۆن پارچەیەكی بچووكە لە شـــێوەی پشت چاو دەچێت و رەنگەكەی لەسەریەوە ئامادە دەكرێت، دواتریش بە پشـــت چاوەوە دەخرێـــت و بۆ ماوەیەك پێوەی دەبێت، پاشـــان لێدەكرێتەوە بەم شێوەیە گشت رەنگەكە دەگوازرێتەوە بۆ پشـــت چاو، بەمەش دەتوانن ماكیاژی پشت چاو بەبێ ماندوو بوون بكەیت، بەڵكو هەر چ رەنگێكت بوێت دەتوانیت بەخۆت ســـەرەتا لەســـەر پەلكەكە بیكەیت و ئینجا بۆ پشـــت چاو بیگوازیتەوە، بەمەش دەتوانیت پارێزگاری لە پێســـتی دەم و چاو بكەیت یان لە هەڵەی ماكیاژی پشـــت چاوەوە دوور بكەویتەوە!

## دەستە جلێكی ناسك و كراوە بۆ وەرزی بەهار



دەســـتە جلێكی تازەی مۆدەی وەرزی بەهـــار كەوتە بەر مۆدەی جیهانەوە بۆ ئەوەی بۆ خانمان لەم وەرزی بەهار ببێتە مۆدەیەكی تازە.

مۆدەكە بریتیە لە دوو پارچەی جوان و ناسك، كە بۆ وەرزی بەهار دەبێتە جوانترین و كراوەترین جل، كە بۆ گشت شوێنێك دەپۆشـــرێت، بەمەش دەبێتە یەكەم دەســـتە جل بۆ ئەوەی لەم وەرزەوە بپۆشرێت.

پارچەی سەرەوە بریتیە لە كراسێكی كراوە و لە قوماشێكی نەرم دروست دەكرێت، لەگەڵ ئەوەی بەشی خوارەوەی كراوەیە و تا ســـەر ناوقەد یان ســـەر ڕان دەبێت، لەســـەر سینگیەوە نەخشێكی بچووكی لە هەمان قوماشەكەی خۆی بۆ دەكرێت، بەمەش جوانترین شـــێوەی لێ دەردەكەوێت بۆ ئەوەی لەگەڵ بەشە كراوەكەی بگونجێت.



دوو جۆریان هەیە، یەكەمیان نیوقۆڵە و لەسەر قۆڵەكانیەوە نەخشـــێك هەیە ئەوەی دیكەش بێ قۆڵە و لەگەڵ بەدیەكی سادە لە ژێرەوە دەپۆشرێت.



چەنـــد رەنگێكی ســـادەی لـــێ بەكارهێنـــراوە، بەمەش جوانیەكەی زیاتـــر دەردەكەوێت وەك رەنگی (قاوەیی — رەش — سپی — رەش و سپی تێكەڵ)!

لە خوارەوەش لەگەڵ (كاوبـــۆی) یان پانتۆڵی قوماش لە قوماشـــی كراسەكە دەپۆشرێت، بەڵام ئەم جۆرە كراسە جوانترە دەبێت ئەگەر لەگەڵ كاوبۆیەوە بپۆشرێت، دەتوانیت لەم وەرزە ئەم جلە ناسكە بپۆشیت و ئامادەی بكەیت!



# ڕازاندنەوەی خانوویەک لە گوڵە نێرگز

کەس لە ئێمە نییە حەز بە گوڵە نێرگز نەکات، چونکە گوڵێکی جوانە و بۆینێکی خۆشی هەیە ! نەك هەر ئێمە بەڵکو پیاوێکی خەڵکی وڵاتی ویلز ئەویش شێتی گوڵە نێرگزە. ئەم پیاوە ناوی (جۆن جەنکیز)ە، شتێکی سەیری لە گوڵە نێرگزە درووست کردووە، کە بۆتە جوانترین دیمەنی درووستکراو لە گوڵە نێرگز.

کارە سەیرەکەی ئەم پیاوە ئەوەیە کەوا نزیکەی (٩٠٠٠) گوڵە نێرگزی لەبەردەم ماڵەکەی داوە، ئێستاش ماڵەکەی وەك باخچەیەك لە گوڵە نێرگزی زەرد دەچێتەوە و دەردەکەوێت. ئەمەو ڕۆژانە خەڵکی ئەم شارە لە بەردەرگای جوانی و ناسکی گوڵە نێرگزەکانی بەردەم ماڵەکەی ئەم پیاوە دەوەستن، دیمەنێکی جوانی سرووشتی نیشان دەدات. ماڵەکەی ئەم پیاوە ئێستا بە ڕەنگی زەردی نێرگزە دەبێتە یەکەم خانووی ڕەنگ زەرد لە جیهان!

## ئەم جۆرە (جل)ە تەنیا بۆ جارێک دەپۆشرێت



بیرۆکەی دوو ئامادەکاری جلوبەرگی مۆدە و جلوبەرگە سەیرەکان، کە خەڵکی وڵاتی ئەمریکان و ناویان (کیتی لایستین و مستر جۆنز) توانیان سەیرترین و جوانترین جۆرە جل درووست بکەن، بە مەرجێك ئەم جلە تەنیا بۆ جارێك دەپۆشرێت و دواتر جلەکە مۆدەی نامێنێت.

لەوانەیە بڵێن ئەوە چ جۆرە جلێکە ؟! ئەم جۆرە جلە لە (دەبدەبە) درووستکراوە و بۆ ئەو کەسانەیە کە حەز ناکەن جلێك بۆ جارێکی دیکە و بپۆشن، هەروەها ئەو کەسەی ئەم جلە دەپۆشێت نابێت لە گەرمی نزیك بێت چونکە دەبدەبەکان دەتەقێت. هەر یەکێك لەم کراسانە نزیکەی (٣٠٠) باڵۆن یان دەبدەبەی بۆ بەکارهێنراوە، کە هەر یەکە نرخەکەی گەیشتە (٢٠٠٠) دۆلار.

ئەم جۆرە کراسە لە دەبدەبەیە بۆ خۆشی و جوانی درووست کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا گەورەترین نمایشی بۆ ئەنجام درا لە شاری شەنگهای لە چین!



## جۆرە تاکسیەکی تازەی مۆدیل (٢٠٠٨)

یەکێك لە چەندین دیاردە سەیرو سەمەرەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕوودەدات، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کەوا لە قۆناغێکی دواوەی پێشکەوتنن، وەك چەند وڵاتێکی




ئەفریقی، هەروەها وڵاتی ئەفگانستان چونکە بەهۆی ئەوەی چەندین ساڵە لە ژێر شەر و کوشتاردایە، بۆیە پێشکەوتنی بەشێوەیەکی لەسەرخۆیە.

لەم شاری دۆلت ئەباد لە باکووری شاری کابوول جۆرە تاکسیەکی سەیر هەیە، ڕۆژانە خەڵك هاتوچۆی پێ دەکات وەکو لە وێنەکەدا دەبینین کە چۆن تاکسی لە (عارەبانە)وە درووست کراوە و یەکێکیش عارەبانەکە ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی بڕوات هەروەها لەسەر عەرەبانەکە (٢) ئافرەت کە خۆیان پێچاوەتەوە دانیشتوونە و (نەفەرن)!. ئەمەش چونکە لەم ناوچەیە ئوتۆمبێل کەمە، بۆیە جۆرە ڕێگەیەکی دیکەیان دۆزیوەتەوە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ!



## ئەمە گەورەترین هێلکەیە لە جیهاندا

ئەمە وێنەیەکی جوانە و بە شێوەیەکی ناسکە گیراوە، دەبێ ئەم شتە گەورەیە چی بێت ! بەبۆنەی جەژنی هالوینەوە ئەم جۆرە هێلکەیە دروووست کراوە، کە بە گەورەترین هێلکە دادەنرێت، ئەمەش کاتێك هێلکەیەکی لەم جۆرە دۆزرایەوە بەبێ ئەوەی بزانرێت هێلکەی چ جۆرە ئاژەڵێکە. بۆیە هێلکەیەکی لەم شێوەیان دروست کرد کە لە (شیکۆلاتە) درووست کرابوو. کێشی هێلکەکە گەیشتە (٣٢) کیلۆگرام هەر یەکێك لەم هێلکانە نزیکەی (٤) ڕۆژی خایاندووە تاوەکو درووست کراوە، بڕێکی زۆر لە شەکری تێدا بەکارهێنراوە، نزیکەی (١٠٠) هێلکەی شیکۆلاتەی لەم جۆرەیان درووست کردووە، هەر یەکێك لەم جۆرە هێلکانە نرخی (١٠٠٠) دۆلارە. ئەگەر بێت ئەم هێلکەیە بشکێنێت دەبێتە نزیکەی (٦٣٥) پارچە شیکۆلاتەی بچووك. بەڵام ئەم هێلکەیە پلیتێکی بەختی تێدایە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی دەیکرێت ببێتە براوەی پێشبڕکێیەکە و تا خەڵاتێکی گەورەی دیکەی پێ وەربگرێت.



## ئەم شوێنە جوان و خۆشە دەبێ بۆ چی دانرابێت

ئـەوەی لەم وێنەیەدا دەیبینین جێگەیەك نییە لە ناو باخچە یان شوێنێکی تایبەت بێت کە درووست کرابێت لە شێوەی باخچە، چونکە لە وێنەکەدا دیارە کەوا شوێنێکە لە باخچە دەچێت، بەڵام ئەوە جێگەی وەستانی مرۆڤە کاتێك لە چاوەڕوانی پاس یان ئۆتۆمبێل دەبێت.

ئەمە لە شاری (کۆرنال) کە دەکەوێتە باشووری ئینگلترا، چەندین شوێنی لەم جۆرە درووست کراوە بۆ ئەوانەی لە چاوەڕوانی پاسدا دەبن، چونکە چاوەڕوانی ناخۆشە بۆیە شوێنێکی جوانیان بۆ درووست کراوە و تاوەکو بێزار نەبن. کەچی لەلای ئێمەش ئەگەر زستان لە شوێنی چاوەڕوانی خەڵك بکەیت ئەوە هەمموو جەستەت دەبێت بە ئاو، چونکە زۆربەیان دڵۆپە دەکەن. وەکو دەبینین ئەم ئافرەتە چۆن بە شێوەیەك دانیشتووە کەوا بە دڵێکی خۆشەوە لە چاوەڕوانی پاسەکەیەتی. بەڵام ماوەیەك پێش ئێستا دوو لەم جۆرە جێگایانە تێکدرابوو لەلایەن کۆمەڵێك کە هەردەم دژی حکوومەت و دەسەڵات وەستاون!





## وێنەیەکی جوان و سەیر لەسەر شووتی


کەسێك لە وڵاتی (قەتەر) توانی جوانترین وێنە بکێشێت لەسەر شووتی، ئەمەش دوای ئەو ماندووبوونە بوو کە ماوەی (٢) مانگ پێوەی خەریك بوو تا توانی کارە هونەرییەکەی بە ئەنجام بگەیەنێت. ئەم کوڕە گەنجە پێشتر تەنیا کاری وێنەکێشان بووە ئەمەش بەهرەیەکی تایبەتی بووە و بیری لەم جۆرە کارە کردۆتەوە، بۆیە لەم ماوەیە توانی وێنەی پیاوێکی بەتەمەن بکێشێت بە پێکەنینەوە لەسەر شووتییەکە.. کوڕەکە ناوی (عمـران)ە و بەمەش دەبێتە خاوەن گەورەترین نازناو لە بواری وێنەکێشان لەسەر میوە و سەوزە، چونکە ئەم وێنەکێشانە وەك پێشبڕکێیەکی جیهانیە و لەوانەیە شووتیەکەی (عمران) نازناوێکی گەورە لە کتێبی پێوانەیی تۆمار بکات. شووتیەکە ئێستا لە ئوتێلی (موفمبیك) دانراوە وەك شتێکی جوان بۆ نمایشێکی بچووکی جواندانراوە و بۆ ئەوەی خەڵك سەیری بکەن. بەڵام گرفتێك هەیە چونکە شووتیەکە گەر وابمێنێت لەوانەیە تێکبچێت و شێوەی پیاوەکەش تێکچێت و نەمێنێت!

## دەرکەوتنی دوو سەر و جەستەیەکی گیانداران بەردەوامە

چەندین حاڵەتی سەیر لە گیانداران دەردەکەوێت کاتێك دەبن ئەمەش وەك گرفتی سرووشتی لە کاتی دروستبوونیانەوە پەیدا دەبێت، ئەمەو لە گشت ڕەگەزەکان ئەم جۆرە حاڵەتە سەیرانە دەبێت، وەك ئەوەی گیاندرێك دوو سەری هەبێت، یان جیاواز بێت لەگەڵ گیانداری هاوشێوەی خۆی، لە هەر ئەندامێکی جەستەیەوە.

لە ویلایەتی (تیکساس) دوو حاڵەت تا ئێستا ڕوویداوە، یەکێکیان ئەم (گۆلك)یە، هەروەها حاڵەتی دووەم بریتییە لەم پشیلەیە، کە هەردوو حاڵەت گیاندارەکان دوو سەریان هەیە..

لەگەڵ ئەوەی دوو سەرەکە بە جەستەکەیەوەیە، بۆیە تا کراوە گرنگی بەم گیاندارانە دراوە، بەڵکو پشکنینی تەندروستیشیان بۆ دانراوە بۆ ئەوەی نەشتەرگەریان بۆ بکرێت. حاڵەتێکی دیکەش بۆ ئەم کیسەڵەیە کە ئەویش دوو سەرە لە جەستەیەکدا.



## کووپی قاوە لە شێوەی بالکۆنەی باڵەخانە

چەندین شێوەی سەیر و جوان لە بواری ئەندازیاری و باڵەخانەدا دادەنرێت کاتێك پرۆژەیەکی گەورە لە جیهاندا دەکرێت، بەتایبەت لە وڵاتانی باشووری کیشوەری ئاسیا، ئەوەتا شاری تۆکیۆی پایتەختی وڵاتی (ژاپۆن)، لەکووپی قاوە شتێکی جوانیان لێ دروست کردووە، کە وەك دیکۆرێکی جوان لە پێشەوەی باڵەخانە دانراوە بۆ ئەوەی کارە ئەندازیارییەکە جوانتر بکات.

وەکو لە وێنەکاندا دەبینن کە چۆن کووپ یان فنجانی قاوەیان وەك (بالکۆنە)ی شووقە و باڵەخانە داناوە، بۆ ئەوەی ببێتە شوێنێکی خۆش بۆ دانیشتن.

بەمەش دەبێتە جوانترین و سەیرترین دیکۆر لە بواری بیناسازی.

باڵەخانەکەش تایبەتە بۆ ئەم کۆمپانیانەی کەوا ئەم جۆرە باڵەخانانە دروست دەکات و ئەوەی دەیبینن نموویەیەکی سادەیە بۆ ئەم جۆرە دیکۆرە تازەیە.



## ئاهەنگێکی سەیری بووک و زاوای خوێناوی


لە شاری (برۆکسیل) لە وڵاتی بەلجیکا سەیرترین جۆرە هاوسەرگیری بە کۆمەڵ بەڕێوەچوو، ئەمەش کاتێك کۆمەڵە بووك و زاوایەك لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون کەوا ئاهەنگەکەیان بەیەکەوە بێت و بۆ ئەوەی لە خۆشی و ئاهەنگی یەکتر بەشدار بن، بەڵام چ ئاهەنگێکی بووك و زاوا؟! ئەم ئاهەنگە دەبێتە سەیرترین و قێزەونترین ئاهەنگی هاوسەرگیری، چونکە بەشێوەیەك ئەو کەسانە خۆیان ڕازاندبۆوە کە هیچ کەسێك لە ئاهەنگی هاوسەریەتی خۆی ئەم جۆرە کارانە ناکات. شێوەی بووك وزاواکان لەسەر ئەم شێوە جوانکردنە دەبێت وەك لاسایی کردنەوەی فیلمێکی جیهانی ترسناك، ژمارەی بووك وزاواکان گەیشتە (١٠) هاوسەر، هەریەکە بە ماکیاژی خوێناوی و شێوەی ترسەوە خۆیان ڕازاندبۆوە. بەمەش دەبێتە ناشایستەترین ئاهەنگی بووك گواستنەوە، وەکو لە وێنەکاندا دەبینن کە چۆن شێوەیان شێواندووە لە جیاتی ئەوەی خۆیان بە جوانترین شێواز جوان بکەن. ئەمەش وەکو وەفایەك بۆ یەکتر بۆ ئەوەی لەکاتی ناخۆش و خوێناویشدا لەگەڵ یەکترین!



## خۆهەڵدانی گەنجێک لە بەرزترین شەلالی جیهان

کـێ دەتوانێت لــە ئاوەکەی (گەلی عەلــی بەگ) خۆی هەڵبداتە خوارەوە! ئەم کوڕە گەنجە سەر شێتە لە وڵاتی کەنەدا کارێکــی وای کرد توانی گەورەتریــن نازناو تۆمار بکات، کە خۆی لە شــەلالێکی بەزەوە کە (٢٠) ئەوەندەی گەلی عەلی بەگ دەبێت، توانی بە ســەرکەوتوویی خۆی هەڵبدات بەمەش کارێکی ســەیری ئەنجامدا کە کارێکی شــێتانەیە بۆ ئەوەی نازناو تۆمار بکات! (میرۆن شایلەر) ئەو گەنجە بوو کە توانی لە بەرزترین شــەلالی ئەم وڵاتە بە بەرچاوی چاودێرانەوە خۆی هەڵبدات و بتوانێت لە ئاوێکی بەم هێزە زۆرەوە بکەوێتە خوارەوە بەبێ ئەوەی هیچی بەسەر بێت.

بەرزی شــەلالەکە نزیکەی (١٠٠) مەتر بەرز بوو لەســەر زەوییەوە، ئەمەش هەر کەســێك لەم بەرزییەوە بکەوێتە خوارەوە لەناوئاوەکەدا دەمرێت و جەســتەی بە شــتێك دەکەوێت. بەڵام ئــەم گەنجــە توانی ســەرکەوتن بەدەســت بهێنێــت لە کارە سەرشێتانەکەی.



## ماوەی (٨) ساڵ پیاوێک لە ماڵێکدا دەبێت

سەیرترین شت دۆزرابێتەوە تاوەکو ئێستا ئەم پیاوەیە کەوا لە وڵاتی رووسیا نزیکەی (٨) ساڵە لە شوێنێك ماوەتەوە، بەبێ ئەوەی کەســێك ئاگاداری بێت کە چی بەسەر هاتووە، ئەمە چیرۆکی ئەم پیاوەیە کە لە ساڵی (١٩٩٩) دایکی دەمرێت و ئەویش لە خەمی دایکیەوە بەهۆی زۆر خواردنەوەوە دەمرێت. لە شاری (تولا) کە دەکەوێتە باکووری وڵاتی رووسیا دوای ئەوەی پۆلیس ماڵێك دەپشــکنێت بۆ ئەوەی بزانن کێی تێدا لێ دادەنیشــێت، چونکە نزیکەی (٨) ساڵ کەس لەم ماڵە هاتوچۆ ناکات.

کاتێــك دەچنــە ژوورەوە دەبینن پیاوێکی مردوو لەســەر کورسییەك دانیشتووە، چەندین شووشەی خواردنەوەی لەبەردەم و ئێسقانی دەرکەوتووە بەهۆی ئەوەی پێستی هەڵوەریوە! وەکو لە وێنەکەدا دەیبینن ماوەی هەشــت ساڵە کەس ئاگاداری نەبووە! ئەوەیە ئەنجامی مرۆڤ ئەگەر هاتوچۆی خزمایەتی و دراوسێتی نەبێ!





## ئافرەتێک سەلاجە بۆ بەخێوکردنی کیسەڵ بەکاردەهێنێت

بێگومان زانیومانە (ســەلاجە) جێگــەی هەڵگرتنی خواردن و ئەو کەرســتانەیە کەوا پێویســتی بە شــوێنێکی ساردە بۆ ئەوەی تێکنەچێت. بەڵام ئەم ئافرەتە لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمەریکی، سەلاجەی بۆ کارێکی دیکە بەکارهێناوە بۆ ئەوەی سوود لەم ئامێرە وەربگرێت.

ئەم ئافرەتە ناوی (شــیرلی)یە، حەز بە گیانداری کیســەڵ دەکات، بۆیــە نزیکەی (٧٥) کیســەڵ دەکرێــت بۆ ئەوەی بەخێویــان بکات، بەهۆی ئــەوەی ئەم ویلایەتــە گەرمە و کیســەڵیش پێویستی بە پلەی ساردی نێوان (٣ تا ١٥) پلەیە بۆ ئەوەی کەشێکی چاکی هەبێت تاوەکو بژیێت. ئەمەش بۆ ئەو کاتەی کەوا کیسەڵ دەکەوێتە ماوەی خەوتن کە بە ماوەی (الســبات) ناسراوە تیایدا کیســەڵ بۆ ماوەی (٣) مانگ لەهۆش خۆی دەچێت، بۆیە ئافرەتەکە (٥) ســەلاجە گەورە دەکرێت بۆ کیســەڵەکان، بۆیە هەر (٧٥) کیسەڵەکانی لەناو ســەلاجە داناوە بۆ ئەوەی کیسەڵەکانی لە شوێنێکی چاك بن تاوەکو لەم ماوەی یەدا!







## گەر زەوی چوارگۆشە بوایە شێوەی زیندەوەران چۆن دەبوو

لە پێشـــبینیەکی ســـەیری زانا و پســـپۆڕەکانی بواری جوگرافیا و شـــوێنەوار کە ئەوانەی لیکۆڵینەوەی تایبەت دەربـــارەی ژیان و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژیانەوە ئەنجام دەدەن، لە لیکۆڵینەوەیەکدا دەریان خستووە کەوا هۆی بوونی شـــێوەی مرۆڤ، گیاندارن، میـــوە و رووەك کە زۆربەیان شـــێوەیان (خڕە – یان بازنەییە) پەیوەســـت دەکەن بەوەی کەوا گۆی زەوی خڕە، بەمـــەش ژیان لـــەسەر ئەم شێوەیە پێك هاتووە.. کەچی لە لایەکی دیکەوە پێشبینی ئەویان کرد کە ئەگەر گۆی زەوی شێوەیەکی دیکەی جگە لە خڕەکەی هەبوایە، ئاخۆ دەبوایە ئەوانەی لەســـەر زەوی دەژیین بە چ شێوەیەك دەردەچن، نموونەیەکیان داوە ئەویش گریمان شـــێوەی گۆی زەوی چوارگۆشـــە بێت، ئەوە شـــێوەی ئەو گیانلەبەرانەی لەسەریی دەژیيت چەند شێوەیەکی سەیری لێ دەردەچێت. وەك ئەوەی تەماتە و پشـــیلە شـــێوەیان وانیشـــان بدات چوارگۆشە بێت، شتێکی سەیری لێوە درووست دەبێت.

## مێرووڵەیەک بە (٣) سەر و جەستەیەک



ئەگەر بـــە وردی و لـــە نزیکەوە ســـەیرێکی ئەم میرووڵە بچووکە بکەیت، شتێکی سەیری لێ دەبینیت چونکە لەگەڵ هەر میرووڵەیەکی دیکە جیـــاوازە، ئەگەر میرووڵەی ئاســـایی ســـەرێکی هەبێت، ئەم میرووڵەیە (٣) سەری هەیە.. کرا و بۆ ئەوەی وەك شتێکی سەیر نمایش بکرێت بۆ گشـــت خەڵك. وەکو دەبینن کە چۆن جەستەیەکی بچووك بـــە (٣) ســـەرەوە جووڵە دەکات، ئەوەی ســـەیر بێت دوو لەم ســـەرانە مێرووڵەی جیـــاوازن هەر یەکە بە شـــێوەیەك سەیری لایەنێك دەکات. بەڵام سەری ناوەڕاســـت کاریگەرە و ئەو کۆنترۆڵی جەستە دەکات. کاتێـــك ئـــەم میرووڵەیەیان لـــە وڵاتی (نەمســـا) لەلایەن منداڵێکەوە دۆزییەوە، ڕەوانەی باخچەی ئاژەڵانی ئەم وڵاتە


## شاجوانی بەلجیکا و گەردوون دەستگیر دەکرێت



دوای ئەوەی خانمە شاجوانی وڵاتی بەلجیکا (ئەلیزیە بۆلیسیك)ی تەمەن (٢٠) ساڵ، کە لە نیوەی شەوێکدا بە سەرخۆشیەوە بە خێراییەکی زۆرەوە ئوتۆمبێلەکـــەی لێدەخووڕێـــت بە خێرایی (١٥٠) کیلۆمەتر، دەستگیر دەکرێت بەبێ ئـــەوەی یارمەتی بدەن و لێی بیوورن کەوا شـــاجوانی وڵاتە و مۆڵەتی لێخووڕینی لێدەســـەنرێت و نابێـــت لـــە داهاتـــوو ئوتۆمبێل لێبخووڕێت.. بۆیە لەم شـــەوەدا دەستگیر دەکرێت تا بەیانی کەســـوکاری دەچن و لە بەندیـنخانـــە دەری دەکەن، ئەمەش گەورەیی یاســـایە لـــەم وڵاتە کە نابێت کەس سەرپێچ بکات، ئەگەر شاجوانی وڵاتیش بێت، بەمەش دەبێتە یەکەم و سەیرترین سەرپێچ لەم وڵاتە کە تا ئێستا شـــاجوانێك سەرپێچی ئوتۆمبێل لێووڕین بکات.


## کەلـــوەکـــان

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




لە داهاتووت مەترســـە تـــەواو بیر لـــە ئەرکەکانـــت بکـــەوە مەهێڵە دەرئەنجامەکانیـــان خـــراب بیـــت هەلیکی خۆشەویســـتیت لەبەردەمەو لەدەســـت خۆتی مـــەدە و دڵنیابە کەســـێکی بـــاش دەبێت بۆت لەکەڵ کەســـیکدا لەســـەر جەنـــد هەنکاویك ناکۆك دەبـــن وچارەیش لای تۆ دەبیت

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



تۆکەســـێکی بەســـۆزو عاتیفـــەی ناتوانـــی کۆنترۆلی خـــۆت بکەیت لەخۆشەویستی و هەندێك ئارام بگرە ئەوکەسە لەگەڵت باش دەبیت لەگەڵ ماڵەوەتدا چەند کارێکی چارەسەری ئەنجـــام دەدەن وئەنجامی بـــاش دەبیت مەهێڵە متمانەی نیوانتان بەرەو نزمی بجێت.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠




ئـــەو کاتانـــەی تەنیایت و هەســـت بەبیزاری دەکەیـــت زیاتربیرمەکەوەو بەڵکـــو هەوڵـــی ســـەردانی یەکێك لەدۆســـتانت بدە هاورێیەکی نزیکت دەســـت لەچەندکاروئەرکیکت وەردەدات مەهێڵە نهینیەکانـــت ئاشـــکرابکات ئـــەم ماوەیـــەت لەبارنیەبۆخۆشەویستی.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢




زیادلەپیویســـت گرنگی بەهەندێك شـــت مەدە کەئەوەندەی ناوێت ئەم ماوەیە لەگەڵ کەســـێکی نزیکت کیشـــەیەکتان بۆ دروســـت وەبیت بەڵام دەتوانن بەسەری زاڵ بن وزوو چارەســـەری دەکەن ئەو یادگاریانە لەبیربکە کە بەناخۆشی بەسەرت بردووە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



ئەوەندەخـــۆت بـــەکاری ســـادە ماندومەکە بەڵکـــو لەهەوڵی ئەو ئاواتـــەت بەردەوامبـــەو چونکە بەدەســـتهینانی نزیکـــە بۆت لەو کەسەببورە کە ئەو هەڵە گەورەیەی بەرامبەرت کرد لەبواری خۆشەویستی ئەوەندە بێ متمانە و دڵتەنـــگ مەبە بەرامبەرئەوکەســـە، بزانە کەدڵی تۆی دەویت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢




متمانـــەت بەخـــۆت هەبیت کاتێك لەگەڵ کەسیکی دیکە کار لەشتێك دەکەن چونکەلەمـــاوەی رابردووت سەرکەوتونەبوی بەم هۆیەوە کەسیك دەیەویت بتناسیت و لێت نزیك بێت تۆشدەرگای دڵتی بۆێ والابکە.

ئیـــوان گـــەردی


## کەلـــوەکـــان

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢



بتوانە قسـەوەربگرنە و بێ دەنگ مەبە لەداواکاریەکانی خۆت، دواتر مەهیلـە مافەتایبەتیەکانی خۆت پشـتگوێ بخرێت هـاورێ یەکی نزیکت یارمەتیەکی تەواوت دەدات بۆ ئەوکیشەیەی ماوەیەکە بۆت درووست بووە بیر لەدوارۆژیکی گەش بکەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



پێویسـتیت بـە کەسـێکە تا لە رازەکانت تێبـگات ، لەم ماوەیەی رابردوو بەم کارەت ماندوو بووی، لە بواری خۆشەویستیەوە بیر لە رابردوو مەکەرەوە و دەست بە خۆشەویستیەکی نوێ بکەنەوە و لەگەڵ ئەو کەسە بتوانە ئەم جارە تووشی هەڵە نەبن، بۆ سەفەرێك دەچیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١




بـەرەو چەندخۆشـیەك هەنـگاو دەنێت کەپیشـتر لـەم گرفتانە بێ تاقەتـی وبیزاریت پیـوە دیاربوو چەندهەنگاوێـك و ئەرکیکت دیتە بـەردەم بۆیـە زیرەکانە جیبەجـێ یان بکەو مەهیلە کاریگەری ئەوکەسە زیاتربکاتەسەرت بەڵکو مامەلەی هیمنانەی لەگەل بکە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩



ئەوەنـدە لەچاوەروانیـدا مـەژی بەڵکو هەولی خۆت بۆهەرکاریکت باشـترەو زیاتـر متمانـەت پـێ دەبەخشـیت مەهیلەناکۆکیەکـە بچووکەکانـی نیوان تۆ و ماڵەوەت ببیتە گرفتـی گەورەترو ئەنجامی خراپتری لێبکەوێتەوە دوودل مەبە لەوەی کەبریاردەدەیت بۆهەنگاوەکانت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



خۆت لەگرفتەکانـت دوورمەکەوە بەڵکـو هەوڵی چارەسـەریان بدە چونکە بەم ئەنجامە لەناخۆشـی نزیك دەبیتەوە بواری پەیوەندیەکانت لەخۆتـەوە هەلمەبژیرە چونکـە دواتر لیی پەشیمان دەبیەوە یەکیك لەبن گویت دەخوینێ بۆ سـۆزداری بەلام بەقسەی مەکە چونکە نیازی خراپە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



ئیستا باریکی گونجاوە بۆ ئەوەی لەبواری سۆزداری و خۆشەویستی خۆت بدۆزیتەوە بزانە ئەو کەسەی هەلتبـژاردووە بەجۆریـك دڵـی خۆتی بۆبکەوە چەنـد ئەرکیکی ماڵەوەت پێ دەسـپیرن بتوانە بەتەواوی جێ بەجێ یان بکە دووربکـەوە لەلاسـایی وچاولیکەری لەرەفتارت.

iwan_gardi@hotmail.com

# نمایشێکی تایبەت بۆ خانمانی قەڵەو



لە نمایشێکی تایبەت و سەیردا بۆ ئەوانەی قەڵەون و کێشیان زۆرە، ئەوەی دەبیبینن یەکێکە لـــە دیمەنـــێکی نمایشـــی قەڵـــەوەکان لە وڵاتـــی (تایوان) کـــە نزیـــکەی (٢٣٠) قەڵـــەوی ئەم وڵاتـــە بەشـــداریان کـــــــــردبوو بۆ ئەوەی نازناوی نمایشەکە وەربگرن.

ئەم کچە تەمەن (١٥) ساڵە بە جوانترین و قەڵەوترین بەشداربوو لە نمایشـــەکە دانرا بەم شـێوەیەش توانی خەڵات و نازناوی نمایشەکە وەربگرێت.

## بۆ ئاســـودەییت

- دزێکی کێل دز دەیەوێت کێلی قەبرێك بدزێت، دەچێتە سەر قەبری منداڵێك و خەریکی دەرهێنانی کێلەکە دەبێت، لەناکاوێك پۆلیس دێن ئەویش تا شك نەکەن دەست بە گریان دەکات، پۆلیسەکان لە دزەکە دەپرسن ئەوە گۆڕی کێیە؟!
ئەویش دەشێوێت و دەڵێت: قەبری باوکمە..
پۆلیسەکانیش دەڵێن: بۆ ئەوەندە بچووکە؟!
ئەویش دەڵێت: باوکم هەر زوو لە منداڵیەوە مردووە!!

- لە پیاوێك دەپرسن ئەوە تۆ (١٠) ساڵە لە بەندینخانە (سجن)ی، چۆن منداڵی دوو ساڵەت هەیە و (٣) ساڵ پێش ئێستا منداڵێکی دیکەت بوو ؟؟!
ئەویش دەڵێت: ئێوە قسەی سەیر دەکەن، راستە من لە زیندانم و سجنم بەڵام خێزانەکەم لە زیندان نییە!

## بۆ زاخاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بە سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی ( ١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (نەخێر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی(٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکە بۆ لە زۆربەی یاریە وەرزشیەکان بەکاردێت)
- پیتی خانەکانی ( ٣+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئامرازێکە بۆ لێپێچینەوە دادەنرێت)
- پیتی خانەکانی (٣+ ٤ ) کۆ بکەیتەوە بە مانای (مردوو بەڵام بە ناوێکی دیکە )!

*ئامادەکردنی : شاتان مستەفا*

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (تەلەفزیۆن) بوو